# حوكمی نوێژ كردن بەتەیەمومەوە لەكاتی فریانەكەوتنی خۆشتندا

[ كردي – كوردی – kurdish ]

دەستەی بەشی زمانی كوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# حكم الصلاة بالتيمم في حالة عدم التمكن للاغتسال

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

## حوکمی نوێژ کردن بەتەیەمومەوە لەکاتی فریانەکەوتنی خۆشتندا

**پرسیار :** ئایا ئەگەر کەسێك غوسلی جیماعی لەسەربێت وبۆ نوێژی بەیانی فریا نەکەوێت غوسل دەربکات، تاچەند دروستە بەتەیەموم نوێژی بەیانی بکات .

خوای گەورە لەپاداشتی خێر بێ بەشتان نەکات .

**وەڵام :**

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه

ئەگەر هاتوو بەبێ بوونی هیچ عوزرێك وبەدەست ئەنقەصد خۆی دواخست ئەوە گومانی تێدا نییە ئەو کەسە گوناهبارە، چونکە لەبەجێهێنانی واجبێکدا کە بریتیە لە خۆشتن وغوسل کردن کەمتەرخەمی کردووە، بەڵام ئەگەر هاتوو کەمتەرخەمی نەکرد وهەر بەو جۆرە فریاکەوت ئەگەر خەریکی خۆشتن و ئاو گەرم کردن بێت بۆ نموونە کاتی نوێژەکەی نەدەما، ئەوا جمهوری زانایان بەلایانەوە وایە دەبێت لەم حاڵەتەدا ئەو کەسە تەیەموم بکات بۆ ئەوەی لەکاتی خۆیدا نوێژەکەی بکات، چونکە نوێژکردن لەکاتی خۆیدا واجبە ترە لەوەی بەشوێن ئاودا بگەڕێت یان خەریکی خۆشتن بێت وپاشان

نوێژەکەی بڕوات، وە لەسەر ڕای دروست و پەسەندیش ئەوەیە کە واجب نییە پاشتر نوێژەکەی بگێڕێتەوە.

بەڵام ڕایەکی شافیعیەکان و حەنبەلیەکان ئەوەیە دەبێت ئەو کەسە خۆی بشوات غوسلی جەنابەتی دەربکات ئەگەر کاتی نوێژەکەیشی بڕوات، بەڵام ئەم ڕایە ڕایەکی پەسەند نییە وزۆربەی زۆری زانایانی ئەو دوو مەزهەبەیش لەگەڵ ڕای جمهوردان .

لەم بارەیەشەوە پرسیار کرا لە شیخ الاسلام ابن تیمیة (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەوەڵامدا ووتی : ئەو کەسە با تەیەموم بکات بۆ ئەوەی لەکاتی شەرعی خۆیدا نوێژەکەی بکات .

خوای گەورە زاناترە .